# هەڵوەشێتەوە سیاسەتی تاڵانکردن وبرسیکردنی جەماوەر!

هەر وەکو پێشبینیمان کرد و جەماوەرمان لێ ئاگادارکردەوە، دارو دەستەی دەسەڵاتداری عیراق کەڵبە تیژەکانی خۆیان نیشانی جەماوەری زەحمەتکێشی عیراق دا. ئەوەتا ئەم دەسەڵاتە بە چەند قات بەرزکردنەوەی نرخی سووتمەنیەکان هێندەی تر نرخی پێداویستیەکانی گوزەرانی خەڵك گران دەکەن و باری قورسی تر دەخەن سەرشانی لە خۆدا شەکەتی جەماوەری بەشمەینەت.

لە دوو ڕۆژ زیاتر بەسەر ئەنجامدانی بەناو هەڵبژاردنەکەیان تێنەپەڕی کە هێزە سیاسیە دەسەڵاتدارەکان و بەشدار لە هەڵبژاردن پەردەیان لە سەر ڕاستیەکانی دوژمنکاری ئاشکرایان لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی جەماوەر هەڵماڵی. تاکو ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان وسیاسەتەکانیان و نیازە ڕەشەکانیان بۆ زیادەڕۆیی لە وەبەرهێنانی جەماوەر دەرخەن و هەنگاوی وەها هەڵگرن کە تەنانەت ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسیش سەرەڕای سەرکوتگەری وخوێنڕێژیشی نەیتوانیبوو ئەنجامی بدات.

هێزە دوژمنکارەکان بە زەحمەتکێشان کە لە لایەن ئەمریکاو دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە پشتیوانیان لێ دەکرێت، دەیانویست سوود لە فەزای بە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەو پەلامارە تەبلیغاتیە وەرگرن کە جەماوەریان پێ تۆقاندو بەرەو صندوقەکانی دەنگدان بەکێشیان کرد تاکو هێرشی نائینسانی خۆیان بۆ سەر ئاستی گوزەرانی خەڵك بەرێ بخەن و هێندەی تر هەژاریو بێبەشی خەڵك قووڵتر بکەنەوە، بەڵام وا دیارە لە حیساباتەکانیان وورد نەبوون و کاردانەوەی جەماوەرو ئاستی تووڕەیی و بێزاری خەڵکیان لە جەردەیی و گەندەڵیان ڕەچاو نەکردبوو.

ئەمڕۆ جەماوەرێکی بەرفراوان لە زۆربەی شارەکانی عیراق ڕژانە سەرجادەکان خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانە بوون و ناڕەزایەتی و نیازی بەرەنگاربوونەوەی خۆیان لەگەڵ سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی عیراقدا ڕاگەیاند.

## جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەشی عیراق !

هەرچەندە هەوڵە کۆنەپەرستەکان بۆ دابڕدابڕکردنی ڕیزەکانتان و دابەشکردنتان بە پێی ناسنامە ساختەکان توندتر بووبێتەوە، ئەوەتا هەوڵی برسیکردن و قووڵ کردنەوەی بێبەشیەکانتان سەرلەنوێ یەکتاندەخاتەوە. ئەوەتا لە بەصرەوە تاکو کەرکوك بە یەك هەڵوێست بەرامبەر خوێنخۆرەکانتان دەوەستنەوە، لەم هەڵوێستەدا ئێوە نە سونی مەزهەب و شیعە مەزهەب بوون نەکوردبوون و نە عەرەب، بەڵکو هەموو کرێکارو زەحمەتکێشن، برسێتی و مەینەت و خەباتی هاوبەش لە پێناوی مافەکانتان و خواستەکانتان یەکتاندەخات و کۆتان دەکاتەوە. هەموو ئەوانەی کە بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداران و دەوڵەمەندان دەکەن لە یەك بەرەی یەکگرتوو لە پشت ئەم سیاسەتی تاڵانکاری و برسی کردنەی ئێوەوە ڕاوەستاون، دەسا ئێوەش لە یەك سەنگەرو یەك بەرەی یەکگرتوو لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەو ناکام کردنەوەیدا لە دەوری سیاسەتێکی ڕادیکاڵ وشۆڕگێڕ کۆبنەوە.

هەموو ئەو هێزانە ڕیسوا کەن کە دەیانەوێت خۆڵ لە چاوتان کەن و شانیان لە ژێر باری بەرپرسێتی لە سیاسەتی تاڵانکردن وبرسیکردنتان بهێننە دەرێ. چونکە هەموو ئەوانەی لە هەڵبژاردن و داڕشتنی دەستوری عیراقدا بەشدار بوون

ڕاستەوخۆ دەستیان لەم پیلانە لە دژی ئێوەدا هەیە. ئەمانە لە دەستووری فاشیستانەیاندا ئەوەیان جێخستووە کە دەبێت ئابووری عیراق پشت بە میکانیزمە دڕندەکانی بازاڕی ئازاد ببەستێت و بەم جۆرەش ئەم هەنگاوە جگە لە سەرەتای پەلامارێکی هەمەلایەنە بۆ سەر هەموو ئەو دەستکەوتە ئابووریيانەی کە بە سالأنێکی دوورو درێژ لە خەبات و قوربانیدان بەدەست هاتوون هیچی تر نیيە. بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنیيەکان جگە لە هەنگاوێکی سەرەتایی کە هەنگاوو سیاسەتی تری بە دوادا دێت بە ئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی دەعمی نرخەکان و کردنتان بە نێچیری بن چنگی برسێتی و هەژاری و بێ بەشی شتێکی تر نیيە.
حکومەتی یەکێتی نیشتمانی لە سلیمانی ڕایگەیاندووە کە ئەو لەگەڵ ئەم سیاسەتەدا کۆك نیيەو بە زیانبەخشی دەزانێت. جەماوەر دەبێت پرسیار لە یەکێتی بکەن: ئەگەر وایە ئەی ڕۆڵی تاڵەبانی وەك سەرۆکی بەناو کۆماری عیراق چی بوو بۆ بەربەستکردنی جێبەجێبوونی ئەم بڕیارە؟ ناکرێت لەگەڵ گورگدا گۆشت بخۆن و لەگەڵ مەڕیشدا شین بکەن. ڕۆڵی جەردەیی و دەست تێکەڵکردنی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانی تری کوردستان و عیراقدا بۆ بردنە پێشەوەی ئەم سیاسەتە ڕیسوایەو ناشارڕێتەوە.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان:

ڕیزەکانی نارەزایەتی و خەباتتان یەکخەن و هێزەکانتان لە دەوری ئالأی حزبەکەتان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق، کۆبکەنەوە.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق کە دوێنێ بۆ موقاتەعە کردنی بەناو هەڵبژاردن بانگەوازی دەکردن، ئەمڕۆ بۆ گردبوونەوە لە دەوری خواستەکانتان و ڕێکخستنی ڕیزەکانتان لە میتینگە جەماوەرییەکان و مانگرتن و بەرێخستنی ڕێپێوانەکان، بۆ بەدەستەوە گرتنی ئەلتەرناتیوی حزب کە پێکهاتووە لە کۆتایی هینان بە داگیرکاری و ڕۆڵی هەموو ئەو هێزانەی کە پەیوەستن بە داگیرکارییەوە، بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەلأتی هەموو ئەو هێزانەی بە بیانووی هەڵبژاردن خەریکن خۆیان بەسەر جەماوەردا دەسەپێنن بانگەوازتان دەکات.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق لە پێناوی ناکامکردنەوەی ئەو سیاسەتەو لە گۆڕانی نەخشەی داسەپاندنی برسێتی و ڕۆژڕەشی بەسەر خەڵکدا، هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی نارەزایەتی و ڕێپێوان لە سەرانسەری عیراقدا، سەرکەوتنی جەماوەر لە بەدیهێنانی خواستەکانیدا بەندە بە کۆبوونەوەو ڕیزبەستن لە دەوری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و سیاسەتەکانی.

*هەڵوەشێتەوە سیاسەتی دەسەلأتداران بۆ تالأنکردن و برسیکردنی جەماوەر!*
*بژی ئیرادەی ئازادی جەماوەر!*
*فراوانبێتەوە مەودای جووڵانەوە نارەزایەتییەکان.*

## حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

2005-12-19